Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-06

# ڕۆڵی سادق شەرەفکەندی لەبەرەوپێشبردنی بەشی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی حدکا (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر)

فاروق حسن حسین[1]، ئامانج حسن أحمد[2]

١- بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق
٢- بەشی مێژوو، کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق

**پوختە:**

سادق شەرەفکەندی یەکێکە لە کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد، کە جگە لە خەبات و تێکۆشانی چەند ساڵەی وەك پێشمەرگەو دیپلۆمات و سیاسیەکی دیار و کاریگەر، لە هەمانکاتدا وەك کەسێکی بەتوانا ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر بواری ڕۆژنامەگەری حیزبی دیموکراتی کوردستان هەبووە، لەو چوارچێوەیەشدا توانیوێتی تارادەی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبەکە بەرەو پێشەوە بەرێت، ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر لایەنە کەمتر باسکراوەکانی هەوڵەکانی سادق شەرەفکەندی بۆ بەرەوپێشبردنی بەشی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بۆماوەی شەش ساڵ بەرپرسی ئەو بەشە بووە، لەو بوارەدا چەندین وتار و بابەتی لە ڕۆژنامەی کوردستان و لە ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا هەبووە. ماوەی توێژینەوەکەشمان لە نێوان ساڵانی 1983-1989ز (1362-1368هـ)دەستنیشانکردووە، ئامانجمان خستنەڕووی ژیانی ڕۆژنامەوانی سادق شەرەفکەندییە، توێژنەوەکەمان دابەشکردووە بەسەر سێ تەوەردا، تەوەری یەکەم باس لە ژیانی سادق شەرەفکەندی لە مناڵییەوە تاوەکو پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری، تەوەری دووەم باس لە ڕۆژنامەی کودستان و ئەو دەورە جیاوازانە دەکات کە ڕۆژنامەکە لە قۆناغە جیاوازەکاندا دەرچووە، تەوەری سێیەم باس لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان و چۆنیەتی دروستکردنی ڕادیۆکە و گرنگی ڕادیۆکە دەکات بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بەمیتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژووی بەستووە و لە هەندێك حاڵەتدا هەوڵمانداوە شیکاری بۆ هەندێك لە بابەتەکان بکەین.

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | June, 2025 |
| Accepted | June, 2025 |
| Published: | July, 2025 |

**Keywords**

سادق شەرەفکەندی، ڕۆژنامە، ڕادیۆ

**Corresponding Author**

Amanj.Ahmed@univsul.edu.iq
Faruq.hassan86@gmail.com

## پێشەکی:

ڕۆژنامەی کوردستان و ڕادیۆی دەنگی کوردستان، دوو ئۆرگانی سەرەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانن، کە سادق شەرەفکەندی ڕۆڵی بەرچاوی بینیووە لە بەرووپێشبردن و پێشخستنیدا، چونکە لە ساڵی 1362هـ/1983ز تاوەکو ساڵی 1368هـ/1989ز، بەرپرسی بەشی چاپەمەنی و راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە.

بەهۆی نەبووی توێژینەوەیەکی زانستی کەباس لە ڕۆڵی سادق شەرەفکەندی بکات لەبەرەو پێشبردن و پێشخستنی بەشی (کۆمیسیۆنی)، چاپەمنی و راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەوش کەهەیە کەمتر باس لە ڕۆڵی سادق شەرفکەندی دەکات لە بەرەوپێشبردنی ئەو بەشەدا، بۆیە بە ئامانجی خستنەڕوو زیاتری ڕۆڵی سادق شەرەفکەندی لەبەرەو پێشبردنی بەشی چاپەمنی و راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەم توێژینەویەمان کردووە.

پێکهاتەی توێژینەوینەوەکە لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە. تەوەری یەکەم: باس لە بنەماڵە و لەدایکبوون و ژیانی منداڵی و سەرەتای گەنجی و هاوسەرگیری سادق شەرەفکەندی دەکات، تەوەری دووەم: باس لە ڕۆژنامەی کوردستان و ڕۆڵی سادق شەرەفکەندی دەکات لە بەرەوپێشبردن و پێشخستنی ئەو ڕۆژنامەیە. تەوەری سێیەم: باس لە دامەزراندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان و چۆنیەتی دامەزراندنی و گرنگی ڕادیۆکەدەکات بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەروەها ڕۆڵی سادق شەفکەندی لە بەرەوپێشبردنی و هەوڵدان بۆ راستگۆی و دوورکەوتنەوە لە هەواڵی ناڕاست ونادروست، بۆئەوەی نەبێت بە شەرمەزاری بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵات.

لەم توێژینەوەیەدا سودمان بینیوە لە چەندین سەرچاوەی هاوسەردەمی ژیانی سادق شەرەفکەندی، لەوانە (مامۆستا هەژار، چێشتی مجێور)، (عەبدولڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات لەپێناو ئازادی)، (عەبدوڵلا حەسەن زادە، نیوسەدە تێکۆشان)، (زانیار ئەحمەد، هەژار موکریانی لە چەند دیدارێکدا)، (سەید ڕەزا درووگەر، کورتە ژیانی سیاسیی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (1324-1384) (1945-2005)، (کەریمی حیسامی ، پێداچوونەوە)، هەروەها بەکارهێنانی چەندین نامیلکە و ڕۆژنامە بەتایبەتی ڕۆژنامەی کوردستان کە ئۆرگانی سەرەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانە، هەروەها سودمان وەرگرتووە لە چاوپێکەوتنی زارەکی لەگەڵ چەند هاوڕێ و هاوکارێکی کە لە ڕۆژنامەی کوردستان و ڕادیۆی دەنگی کوردستان کاریان کردووە، لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو (وەتس ئەپ و مەسنجەر). هەروەها چەندین سەرچاوەی تر، کە هەموویان سەرچاوەی گرنگ و بەنرخ بوون بۆ توێژینەوەکەمان کەتوانی و مانە سودی باش یان لێوەربگرین و توێژینەوەکەمانی پێ ئەنجام بدەین، لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی مان بەکارهێناوە و هەوڵیشمانداوە شیکاری بۆ هەندێك لە زانیارییەکان بکەین.

## تەوەری یەکەم: ژیان و کەسێتی سادق شەرەفکەندی

باوکی سادق شەرەفکەندی ناوی (محمد کوری مستەفایە)، (ئەحمەد، 2023، ل7)، ناسراو بە مەلا محمدی بۆر (شەرەفکەندی، 2024). لە بنەماڵەیەکی ئایینی هاتۆتە دنیاوە باوکی و دایکی مەلا و مەلازن بوون، هەندێك مولکیان لە گوندی شەرەفکەندی هەبووە، بەڵام بەهۆی مردنی باوکییەوە باری گوزەرانیان خراپ بووە، مەلا محمدی بۆر هەر بە منداڵی باوکی لەدەست دەدات، دایکی بەهەژاری و نەداری بەخێوی کردووە، هەر بەمنداڵی لای دایکی دەرسی ئایینی دەخوێنێت و لەتەمەندی چواردە ساڵی دایکی دەینێرێت بۆ حوجرە بۆ خوێندنی ئایینی بۆ بۆئەوەی ببێت بە فەقێ.

مامۆستا هەژار لەوبارەیەوە دەڵێت: "لە باوکمم گوێ لێبوو دەیگوت ئەوکاتەی کە دایکم دەیگوت برۆ ببە فەقێ ئەوەندە هەژار بووین پارەی ئەوەم نەبوو شەرواڵێکی نوێ بکرم، بۆیە دایکم پێیگوتم کورەم برۆ بۆ خۆت ببە بەپیاو پارە پەیدابکە، مەلا محمدی بۆر فەقییەتی خوێندوە، بەڵام مۆڵەت (ئیجازە)ی مەلایەتی وەرنەگرتووە" (هەژار، 2007، ل 10-11).

مەلا محمدی بۆر چوار جار هاوسەرگیری کردووە، کە ژنی یەکەمی ناوی(ئامین) بووە و لەو ژنەی کچێکی هەبووە، مەلا محمدی بۆر لەشاری مەهاباد دەست دەکات بەکاسبی و ئیشکردن و بەهۆی شارەزای لە ئیش وکاردا بەماوەیکی زۆر کەم دەتاونێت خانوویەك بکرێ و ماڵ دروست بکات،لە جەنگی یەکەمی جیهانی 1914-1918ز (1293-1297هـ) و لە کاتی هێرشی رووسەکان بۆسەر شاری مەهاباد کوشتارێکی زۆری خەڵکی شارەکەدەکەن و ماڵ و سامانەکانیش یان تاڵان دەکەن، لەوکاتەدا ماڵەکەی مەلا محمدی بۆریش تاڵان دەکرێت، ژنی یەکەمیشی.کەناوی (ئامین)ە لەوکاتەدا گیانی سپاردووە و دواتر تاقە کچەکەشی لەتەمەنی چواردە ساڵیدا دەمرێت، دواتر ژنی دووەمی هێناوە کە کچی (سلێمان ئاغا) ناوێك بووە، ئەم ژنەی زۆر لەلای نابێت تەڵاقی دەدات بەهۆی ئەوەی کە بەبێ روو پۆش هاتۆتە کۆڵان (هەژار، 2007، ل11-12).

مەلا محمدی بۆر دوای تاڵانی روسەکان بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەهۆی شارەزای لە کاروکاسبی دا دووبارە خۆی گرتۆتەوە و تارادەیەك توانیوەتی بارودۆخی ئابووری خۆی باشتر بکات، لەساڵی 1919ز (1298هـ) بۆجاری سێیەم هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ فاتم کچی حاجی سەید حەمەدەمینی سارەوانان (ئەحمەد، هەژار موکریانی ژیان و ڕەنگدانەوەی مێژوو لە بەرهەمەکانیدا، 2023، ل 26).

کە تەمەنی شازدە ساڵ بووە لەکاتێکدا تەمەنی مەلا محمدی بۆر چل و هەشت ساڵ بووە کە جیاوازی تەمەنی ژن و مێرد سی و دوو ساڵ بووە، بەڵام بەهۆی دەوڵەمەندی و پارەدارییەوە رازی دەبێت شووی پێ بکات،لەژنی سێیەمی کورێکی دەبێت و ناوی دەنێت عەبدولڕەحمان (

هەژاری شاعیر) ، بەهۆی لەدایکبوونی تاقە کوڕەکەیەوە دڵی زۆر خۆش دەبێت و (دەعوەتیەك)گوێزەبانەیەکی زۆرگەورەی بۆ دەکات (هەژار، 2007، ل12)، بەڵام عەبدولڕەحمان زۆر لە باوەشی دایکی نابێت و دایکی لەتەمەنی هەژدەساڵی تووشی نەخۆشی سیل دەبێت و کۆچی دوایی دەکات، لەتەمەنی دووساڵی دا لە باوەشی دایك بێبەش دەبێت و ژنێك بەناوی (خاتوو شەرافەت) لە سارەوانان شیری دەداتێ و دواتر ژنێك بەناوی (خاتوو ڕوقیە) سەرپەرشتی دەکات تائەوکاتەی مەلا محمدی بۆر بۆ جاری چوارەم هاوسەرگیری دەکات (هەژار، 2007، ل13).

مەلا محمدی بۆر بۆجاری چوارەم هاوسەرگیری دەکات و ژنێك دەهێنێت بەناوی مریەم کچی پیاوی بەدەسەڵاتی سەردەشت محمد قەسیمی قازیە لە بنەماڵەی قازییەکانی سەردەشت کە ناسراو بوو بە فەخرولعولەما، ، یەکەمین منداڵی مریەم کچێك دەبێت بەناوی زەینەب و دووهەمین منداڵی کوڕێکە بەناوی عبداللە، کە خاوەنی کتێب فرۆشی پێشەوابوو لە مهاباد، سێهەمین منداڵیشی کوڕێك دەبێت بەناوی سادق، هەروەها دایك برایەکیشی هەبووە بەناوی (ڕەسوڵ قادری)، (شێربەگی، 2024).

سادق شەرفکەندی لەڕێکەوتی 1938/1/11ز (21 بەفرانباری 1316هـ )، لەبنەماڵەیەکی نیشتیمان پەروەر لە گوندی (تەرەغەی) بۆکان لەدایك بووە (درووگەر، ب.س، ل49) (نەقشی، ب.س، ل115)، تەمەنی نزیکە چوار مانگ دەبێت باوکی مەلا محمدی بۆر بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوای دەکات و سەرپەرشتیاری بەخێوکردنی دەکەوێتە ئەستۆی خوشك و براکانی بەتایبەتی براگەورەکەی مامۆستا هەژار.

سادق شەرەفکەندی تەمەنی هەشت مانگ دەبێت بەهۆی داب و نەریتی ئەو سەردەمە دایکی شوودەکات و ژیانی هاوبەشی لەگەڵ سەیدەکانی قادری پێکدەهێنێت، لە ئاکامی ئەم ژیانە هاوبەشەدا کوڕێکی بووە بەناوی ڕەسوڵی قادری، مریەم خانم لەوێش لە ژیانێکی ناخۆش و نالەباردا دەژیت بەم جۆرە سادق کۆرپەلە لە نازی دایکیشی بێبەش دەبێ ئەرکی گەورە کردنی دەکەوێتە سەرشانی زەینەبی خوشکی کە ئەوکات تەمەنی 13ساڵ دەبێت، زەینەب بەو تەمەنە منداڵیەی خۆیەوە دەبێت بە دایك بۆ سادق، زەینەبی خوشکی هەندێك کات بەدزیەوە سادقی برای بۆلای دایکی دەبات بۆئەوەی تێر شیری بکات، بەشووکردنەوەی دایکی سادق شەرەفکەندی ئەرکی سەرشانی مامۆستا هەژار ئەوەندەیتر گران بوو، چونکە تاقە خوشکەکەی هێشتا منداڵ بوو نەیدەتوانی ئیش و کارەکانی ماڵ بە باشی بکات، بۆیە ناچار بوون لە ژنی ناو دێ داوای یارمەتی بکەین تاوەکو نان و مەڕوماڵات دۆشین و مەشکەژەنی مان بۆ بکەن ئەوانیش جگەلە هەق خۆیان نیوە بەنیوەیان دەدزی (هەژار، 2007، ل32).

مامۆستا هەژار لە چێشتی مجێوردا دەڵێت: "سادق برام منداڵێکی زۆر خوێن شیرین و لەبەر دڵان بوو، جاری واهەبوو ژنانی گوندەکەمان بۆ خۆشی و سوعبەت لێیان دەدزین، شێت دەبووین تا بۆیان دەهێناینەوە، هەموو دڵ و گیانم بەسەر خۆشەویستی ئەودا ساغ بووەوە، هەرلەتەمەنی چوار ساڵیەوە دەرسم پێدەوتەوە لە خوێندنیشدا زۆر زیرەك بوو هەموو کات یەکەمدەبوو، لە بیرمە جارێك لە ماڵێ (ساڵحی شاتری)بووم، لە مەهاباد گوتیان سادق لە بۆکان نەخۆشە، لەبیرم چوو پێڵاو لە پێکەم، بە گۆرەوییەوە ڕامکردە دەرەوە، لە کۆڵان کەوشەکانیان بۆ هێنام و بەپەلە خۆم گەیاندە لای، شەق زەمانە وای هەڵداشتم کە سادقم لە پۆلی دووهەمی سەرەتایی بەجێ هێشت و لێم بوو بەداخ و حەسرەتێکی گەورە" (هەژار، 2007، ل470).

بەهۆی نەخۆشی و سەرئێشەیەك مریەم خانم دەبەنە شاری بۆکان بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی بەڵام کار لەکار ترازاوە و چاوی ئاوی ڕەشی کردووە، هەردوو چاوی لەدەست دەدات و کوێر دەبێت، لەدوای ئەمە مامۆستا هەژار باوەژنی خۆی واتامریەم خانم دایکی خوشك و براکانی بە ڕەسوڵی کۆرپەلەی براش یانەوە دێنێتەوە لای خۆی و سەرپەرشتی هەمویان دەکات، مامۆستا هەژار هەرچەندە ئەرکی بەخێوکردن و پەیداکردنی نانی ڕۆژانەی خێزانەکەی لەئەستۆ بوو، بەڵام لە پێگەیاندنی فێرکردنی عبداللە و سادق غافڵ نابێت و فێری نوسین و خوێندنەوەیان دەکات، سادق منداڵ بەرلەوەی بچێتە خوێندنگە فێری خوێندن نوسین بووە و شیعرێکی زۆریشی لەبەر کردووە، سادق شەرفکەندی هەر لەمنداڵیەوە تواناکانی دەرکەوتوون و لەگەڵ ئەوەی کە وشیار و زیرەك و ژیریش بوو(شێربەگی، 2024).

سەرەتای دەستپێکردنی خوێندن و نوسینی سادق شەرەفکەندی لەتەمەنێکی منداڵیدا بوو پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە ئەوەی کە بچێتە خوێندنگە لەلایەن مامۆستا هەژارەوە فێری نوسین و خوێندنەوە کرا، مامۆستا هەژاری برای هەرچەندە ئەرکی بەخێوکردن و پەیدا کردنی بژێوی ڕۆژانەی خوشك و براکانی لە ئەستۆ بوو، بەڵام لە پێگەیاندن و فێرکردن و پەروەردەکردنی براکانی کەم تەرخەمی نەکردوو هەر لەتەمەنی منداڵی سادق برای فێری خوێندنەوە و نوسین کرد، هەربۆیە کاتێك تەمەنی دەگاتە ئەوەی بخرێتە بەر خوێندن و بچێتە قوتابخانە مامۆستا هەژاری برای بڕیاردەدات لە گوندی تەرەغە بڕۆن و بچنە شاری بۆکان بۆئەوەی براکانی بخاتە بەر خوێندن و بیان خاتە خوێندنگە، هەرچی مەڕ و ماڵاتیان هەبوو لە تەرەغەی فرۆشتی و لە بۆکان لەلای حەوزە گەورە و مزگەوتی گەورە خانوویەك یان بەکرێ گرت و نیشتەجێ بوون، هەرلەوێ سادق شەرەفکەندی دەچێتە خوێندنگە و لەبەردەستی مامۆستا حەسەن قزڵجی دا دەرس دەخوێنێ، هەرلەیەکەم ڕۆژی خوێندنگەدا سادق شەرەفکەندی خوێندنەوە و نوسین باش دەزانێ و سەرەنجی مامۆستا حەسەن قزڵجی بۆلای خۆی ڕادەکێشێ(شێربەگی، 2024).

سادق شەرەفکەندی پۆلی یەك و دووی سەرەتایی لە بۆکان دەخوێنێت پاشان بە هۆی ئەوەی مامۆستا هەژاری برا ئەندامی چالاکی کۆمەڵەی (ژێ کاف)بوو، لەسەرەتای دامەزراندنی کۆماری کوردستان ماڵیان دەچێت بۆ مەهاباد و لەوێ درێژە بە خوێندنەکەی دەدات (بێنوسەر، 2007، ل10)، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتای تاوەکو پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە شاری مەهاباد بەسەرکەوتی بڕیوە و بەهۆی ئەوەی لە مەهاباد ئەو سەردەمە پۆلەکانی خوێندن هەتا پۆلی چوارەمی ئامادەیی هەبوو، سادق شەرەفکەندی پاش بڕینی پۆلی چوارەمی ئامادەیی بۆ درێژەدان بە خوێندن دەبوو بچێتە ورمێ یان تەبرێز، ئەو سەردەمەش هاوڕێیەکی هەبوو بەناوی (ئەحمەدی قازی) ، بەڕاوێژ

لەگەڵ بنەماڵەی ئەحمەدی قازی چوونە تەبریز و خانوویەك یان بەکرێ گرت بە سێ تومەن، سادق شەرەفکەندی لە (دەبیرستان) ئامادەیی مەنسور خۆی ناونوسکرد و درێژەی بە خوێندن دا.

ئەگەرچی لە کوردستان دوورکەوتۆتەوە و غەریبە بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی لە خوێندنەکەی دواکەوێت و لە خوێندنگەی مەنسوریش لێهاتوویی و زیرەکی خۆی نیشان دەدات و وەکو ساڵانی پێشوو دەدرەوشێتەوە و دەبێتە یەکەمی خوێندنگەکەی، بەڕێوبەری خوێندنگە لەکاتی خەڵات پێدان و ناساندنی ڕوولە خوێندکارەکان دەکات و دەڵێت: ئەمجارەیان مەهاباد لە تەبرێزی بردەوە، لە ساڵی /1952ز (1331هـ)، لەگەڵ ئەحمەدد قازی هاوڕێی لە تاقیکردنەوەی کۆنکۆری گشتی دا بەشداری دەکات و لە بەشی پزیشکی زانکۆی تاران وەردەگیرێت، بەڵام سادق شەرەفکەندی بەهۆی ئەوەی ماوەی تەواوکردنی بەشی پزیشکی حەوت ساڵە و باری دارایی بنەماڵەکەی باش نیە بۆیە لە خوێندنی پزیشکی پاشگەز دەبێتەوە و دەچێتە بەشی کیمیا لە زانکۆی بەرزی تاران(شێربەگی، 2024).

ساڵی 1959ز (1338هـ)، لە زانکۆی بەرزی تاران بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرت لە بەشی کیمیای شیکاری، هەر لەهەمان ساڵدا دەبێت بە مامۆستای وانەی کیمیا و هەتا ساڵی 1965ز (1344هـ)، لە شارەکانی ورمێ و مەهاباد بە ئەرکی مامۆستاییەوە خەریك بووە، لەو ماوەیەدا وەك مامۆستایەکی شارەزا ناوی دەکرد و بۆ پێگەیاندنی خوێندکارانی کوردستان زەحمەتێکی زۆر و بەرچاوی کێشا بەجۆرێك ئەو قوتابیانەی کە ئەوە دەرسی پێ دەگوتن نمرەی بەرزیان بەدەست دەهێنا و لە زانکۆکان وەردەگیران (بداغی، 1401، ل12) (کوردستان، 2011، ل3).

لەبەر ئەوەی سادق شەرەفکەندی کەسێکی بەهەڵوێست و نیشتمان پەروەر بوو لەگەڵ چەند مامۆستایەکی هاوڕێی شۆڕشێکی کولتووری لە مەهاباد دەست پێدەکەن و ئەم کارەیان دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری خوێندکاری مەهابا نمرەی بەرز بەدەست بهێنن و لە زانکۆکانی ئێران وەربگیرێن، ئەمەش دەزگای هەوڵگریی حکومەتی ئەوکاتەی ئێران ساواك (سازمان امنیت و اطلاعات کشور)، نیگەران دەکات، لەساڵی 1965ز (1344هـ)، سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانی لە مەهاباد دوور دەخاتەوە و دەیانگوێزێتەوە بۆ ئەراك لە ناوەڕاستی ئێران لە پارێزگای مەرکەزی تاران (شێربەگی، 2024).

سادق شەرەفکەندی دوای ساڵێك دەگوازرێتەوە بۆ تاران و لە تاران دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێت کە ماستەر بخوێنێت لە زانکۆی تاران و لە خوێندنی ماستەرەکەشیدا پلەی یەکەم بەدەست دەهێنێت، ئەوکاتیش بەپێی یاسای زانکۆکەی هەرکەس پلەی یەکەمی بەدەست بهێنایە زەماڵەی خوێندنی لەیەکێك لە زانکۆکانی ئەوروپا پێدەدرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی سادق شەرەفکەندی لەلایەن ساواکەوە پێشینەی هەبووە و بەهۆی کوردبوونیەوە، بۆ یە ئەو زەمالەیەی پێنادرێت، سادق شەرەفکەندی دوای وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە کیمیای شیکاری لە تاران وەکو مامۆستا دەست دەکاتەوە بە وانە وتنەوە(شێربەگی، 2024). لەساڵی 1970ز (1349هـ)، دەگوازرێتەوە بۆ زانکۆی پێگەیاندنی مامۆستایان بۆ بەشی کیمیا و لەوێ دەست بەکار دەبێت (بێنوسەر، ژیاننامەی د.سعید شەرەفکەندی، 1992، ل2)، دواتر بە زەمالەی وەزارەتی زانست، لەساڵی 1972ز (1351هـ)، دەچێتە پاریس و لە زانکۆی ژمارە شەشی پاریس (سۆربۆن) دەست دەکات بەخوێندنی دکتۆراکەی(شێربەگی، 2024).

سادق شەرەفکەندی لە ساڵی 1970ز (1349هـ)، هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ نوسرەت خان کچی سەید عەبدوڵڵای تەهازادە دەوافرۆش، (سەید عەوڵڵای ئەیوبییان) کە پزیشکی منداڵان و لە دایك بوون بووە (شەرەفکەندی، 2024). لە نەخۆشخانەی مەهاباد کاری پزیشکی کردووە، خوشکی سەید محمد ئەیوبیان وەزیری تەندروستی حکومەتی کۆماری کوردستان بووە(شێربەگی، 2024). بەرهەمی ئەم هاوسەرگیریە سێ منداڵ بووە بە ناوەکانی شاهۆ کە لەساڵی 1973ز (1352هـ)، لە ئێران لەدایك بووە، کوری دووەمی ناوی ڕامینە کە لەساڵی 1975ز (1354هـ)، لە پاریس لەدایك بووە و کچەکەشی ناوی سارایە کە لەساڵی 1980ز (1359هـ)، لەئێران لەدایك بووە، هەرسێ منداڵەکەی خوێندیان تەواوکردووە و خاوەن بڕوانامەن(شەرەفکەندی، 2024).

سەرەتای کاری سیاسیی و بە ئەندامبوونی سادق شەرەفکەندی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1973ز (1352هـ)، کە ئەوکات لە پاریس بوو کە بە زەمالەی وەزارەتی زانستی خەریکی خوێندنی دکتۆراکەی بوو لە زانستی کیمیای شیکارلەزانکۆی ژمارە شەشی پاریس (قادری، 2004، ل2).

ژیان و خەباتی سادق شەرەفکەندی لەو ساڵەدا وەرچەرخانێکی چارەنووس ساز و قووڵی بە خۆیەوەدی، ئەو وەرچەرخانەش بریتی بوو لە ئاشنایەتی و دۆستاییەتی لەگەڵ سکرتێری ئەوکاتەی حیزبی دیموکرات عەبدولڕەحمان قاسملوو، هەر لەو چاوپێکەوتنێکی کورت دا عەبدولڕەحمان قاسملوو کەسایەتی بەرزی سادق شەرەفکەندی بۆ دەردەکەوێت و پێشنیاری بۆ دەکات کە ببێت بە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی 1973ز (1352هـ)، (ڕەهنموون، 2002، ل12)، لەو چاوپێکەوتنەدا سادق شەرەفکەندی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی حیزب لە عەبدولڕەحمان قاسملوو وەردەگرێت و دەڵێت دەیخوێنمەوە و دواتر وەڵامت دەدەمەوە، پاش ئەوەی کەپەیڕەو و پرۆگرامەکە دەخوێنێتەوە پەیوەندی بە عەبدولڕەحمان قاسملووەوە دەکات و دەڵێت: بەگشتی بەرنامە و پرۆگرامەکەم پێ ڕاست و دروستە، بەڵام لەسەر هەندێك خاڵی من ناکۆکیم هەیە، عەبدولڕەحمان قاسملوو دەڵێت: وەرە لە کۆنگرەکانی حیزب ئەوەی کە لە بۆچوونی تۆدایە و دەتەوێت بیگۆڕیت لەبەرنامەی حیزبی دیموکرات، وەرە بەشداربکە و ببە ئەندامی حیزب و ئەو ئامانجەی لە مێشك تدایە لەبەرنامەی حیزب بیان گونجێنە، بەم جۆرە سادق شەرەفکەندی لەسەر دەستی عەبدولڕەحمان قاسملوو شەرەفی ئەندامێتی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەردەگرێت(شێربەگی، 2024).

سادق شەرەفکەندی وێڕای کاری مامۆستایی و وانەوتنەوە، کاری سیاسیی و ڕێکخستنی کردووە توانیویەتی لە ناو مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆ و لە ناو کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکانی تاران بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان باس بکاتوو، بە ئامانجەکانی حیزب یان ئاشنا بکات (قادری، دەق قسەکانی کاك محەممەد نەزیف قادری،ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێوڕەسمی 14ساڵەی یادی کارەساتی میکۆنووس دا، 2006، ل2)، جەلیل گادانی دەڵێت: سادق شەرەفکەندی لە فەرانسا گەڕایەوە بۆ تاران پەیوەندی لەگەڵ مندا هەبوو بەڵام زۆر بەنهێنی، هەتا دەسەڵاتی شایی ئێران لە ڕووخان نزیك نەبوویەوە، زۆر دوورە پەرێزبوو، بەڵام دواتر چالاك بوو، لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران 1979ز (1358ھ)، بوژاندنەوە و دەست پێکردنی خەباتی سیاسیی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوخۆی ئێراندا، هەر زوو سادق شەرەفکەندی دەگاتە ئاستی پلەی سەرکردایەتی لە ڕیزەکانی حیزب (مەحمود، 2015، ل103)، لە ساڵی 1979ز (1358ھ)، بووە بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی، پاشان لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب لەساڵی 1359ھ/1980ز وەکو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، هاوکات بەرپرسیارییەتی کۆمیتەی ڕێکخستنەکانی حیزبی لە شاری تاران پێ سپێردرا (کاکەیی، 1993، ل20).

## تەوەری دووەم: ڕۆڵی سادق شەرەفکەندی لە بەرەوپێشبردنی ڕۆژنامەی کوردستاندا

پێشهات و پەرەسەندنە سیاسی و سەربازییەکانی سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی و پێشڕەوییەکانی سوپای یەکێتی سۆڤیەت بۆ قوڵایی ناوچەکانی باکوور ی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی 1941ز (1320ھ)، جگەلەوەی سوپا و دام ودەزگای حکومەتی شای ئێرانیان بەرەو دارمان برد، لەهەمانکاتدا زەمینەیەکی لەباریان بۆ بڵاوبوونەوەی بیر و ڕای ئازاد و گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی هۆشیاری سیاسیی لە ناو ڕۆشنبیراندا ڕەخساند، کەبەهۆیەوە ، ڕوناکبیرە کورد پەروەرەکان کەوتنە بیری دروستکردنی ڕێکخراوێکی نەتەوەیی (مەلاعززەت، 2001، ل74)، دوای گەڕانەوەی حوسێنی فروهەر و هەڤاڵانی لە شوێنی دورخستنەوە و زیندان، عەزیز زەند لە ئەڵمانیا بۆ شاری مەهاباد، هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان، (گەوهەری، 2004، لل30-31) کۆمەڵەی (ژێ کاف)لەسەر داروپەردوی کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان(سەعید، 2006، ل67)، لەلایەن کۆمەڵێك لاوی خوێندەوار و ڕوناکبیر لە بەورای 25ی گەلاوێژی 1321ھ/ 1942/8/16ز دا لە باغی ئەمینولئیسلام لە کۆبوونەوەیەکدا بناغەی کۆمەڵەی (ژێ کاف)، دامەزراند (سەمەدی، 1981، ل11)، دامەزرێنەرانی بریتی بوون لە (1.حوسێنی فروهەر، 2.عەبدولڕەحمان زەبیحی، 3.سدیقی حەیدەری، 4.قاسمی قادری، 5.عەبدولڕەحمان ئیمامی، 6.عەلی مەحمودی، 7.عەبدولقادر مودەریسی، 8.محەمەد نانەوازادە، 9.مەلا عەبدوڵڵای داودی، 10.نەجمەدینی تەوحیدی، 11.محەمەد ئەسحابی، 12.محەمەدی یاهوو، 13.عەبدولڕەحمانی کەیانی) (حیسامی، 1986، ل43)، حوسێنی فروهەر بۆماوەی دووساڵ سەرۆکی کۆمەڵەی (ژێ کاف)بووە (ساڵح، 2007، ل21).

دامەزراندنی و کۆمەڵەی (ژێ کاف) لە ساڵی 1321ھ/1942ز دا نیشانەی پەیدابوونی بیر و کردەوەی مۆدێرنی ناسیونالیستی بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (وەلی، 1995، ل20).

کۆمەڵەی (ژێ کاف)، بۆ بەهێزکردنی ڕێکخستنەکانی و پتەکردنی دەسەڵاتی و بەهێزکردنی پەیوەندیە ناوخۆی و دەرەکی یەکانی خۆی، داوای لە قازی محەمەد کرد، ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی (ژێ کاف)، ئەرکی خۆی لە بەرەوپێشبردنی سیاسەتی کۆمەڵە و ڕزگاری نەتەوە و نیشتمان لە ڕیزەکانی کۆمەڵە بەجێ بگەیەنێ(حیسامی، پێداچوونەوە، 1996، ل181)، ئەمەش بەرمەبنای ئەو ڕاستییەبوو کە قازی محەمەد لە بنەماڵەیەکی ناسراو و ڕۆشنبیری بەرێزی مەهاباد و ناوچەکە بوو، پاش سوێند خواردن بەناوی نهێنی (بینایی)، یەوە بووە ئەندام و بەماوەیەکی کەم بە هۆی ڕۆشنبیری و دەسەڵاتی خۆیەوە توانی بێ بە سەرۆکی کۆمەڵەی (ژێ کاف) (حوسێن، 2002، ل28).

دوای گەڕانەوەی قازی محەمەد و هەڤاڵانی لە باکۆ و دیدار و گفتوگۆکانیان لەگەڵ باقرۆڤ، لە ژێر گوشاری یەکێتی سۆڤیەت بڕیاردرا کۆمەڵەی (ژێ کاف)، هەڵبوەشێنرێتەوە و لەبری ئەو حیزبێکی هاوشێوەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، دروست بکرێت کە خەباتی ئەو حیزبە تەنها بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانەوە بەسترابێتەوە(گەوهەری، قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆك کۆماری کوردستان، 2017، ل115)، ئەندامانی کۆمەڵەی (ژێ کاف)، هاتنە سەر ئەو بڕوایەی کە کۆمەڵە هەڵبوەشێتەوە و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دابمەزرێ (دباغی، 1367، ل37)، ئەوەبوو لە 1945/8/16ز (25ی گەلاوێژی 1324ھ)، دا حیزبی دیموکراتی کوردستان لەشاری مەهاباد دامەزرا (قاسملوو، 2000، ل29) (قازی، 1355، ل12).

لە ئەنجامی ئەو بارودۆخ و گۆڕانکاریانەی لە ناوچەکە و ئێران و کوردستان هاتبووە ئاراوە، ناکۆکی یەکێتی سۆڤیەت لەلایەك و بەریتانیا و ئەمریکا لەلایەکی ترەوە، و دامەزراندی کۆماری ئەزربایجان، ئەمانە بوونە هاندەری کورد بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان(بێنوسەر، موحاکەمەکردنەکەی پێشەوا قازی محەمەد لە یاداشتەکانی"قوام السلطنه"دا، 2007، لل43-46) (مەجید و سەرمۆردی، 2004، لل41-42)، لە 1946/1/22ز (2ی ڕێبەندانی 1325ھ)، دا لەشاری مەهاباد و لە مەیدانی چوارچرا بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا و پێشەوا قازی محەمەد بوو بە سەرۆك کۆمار (روزفلت، 1998، ل24)، کۆماری کوردستان لە ماوەی یازدە مانگی تەمەنی چەندین کاری گرنگی کرد، یەکێك لەوانە دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان بوو (قاسملوو، 2000).

یەکەمین ژمارەی دەوری یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان لە 1946/1/11ز (20ی بەفرانباری1324ھ)، دا لەیەکەمین مانشێتی دا بەناونیشانی (امانجی ایمه)، بڵاوکراوەتەوە (بێنوسەر، امانجی ایمه، 1946، ل1)، شایەنی باسە ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارە 1 بۆ 9 ناوی (کوردوستان)بووە، پاشان بووە بە کوردستان (سوڵتانی، 2021، ل709)، عەبدوڵڵای حەسەن زادە لە بارەی ژمارەکانی ئەم دەوری یەکەمەوە دەڵێت: ئەوەی کە زانراوە 113 ژمارەی بڵاوکراوەتەوە، بۆچوونێکیش هەیە کە ژمارە 114چاپکراوە بەڵام بڵاو نەکراوەتەوە یاخود

بەدەست خەڵك نەگەیشتووە(زادە، 2008، ل1)، یەکەمین سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان (سەید محەمەد حەمیدی) بووە، هەرچەندە ناوی سەرنووسەر و هیچ نوسەرێك بەسەر ڕۆژنامەی کوردستانەوە نەبووە(باباخانی، 2021، ل8)، پاشان (سەعید ناکام)، بووە بە سەرنوسەر، کە بەپێی گێڕانەوەی خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: لەسەر داوای (سەید محەمەد تەهازادە) وەزیری تەندروستی کۆماری کوردستان ڕۆیشتووم بۆ مەهاباد و دەستم بەکار کردووە لە ڕۆژنامەی کوردستان، دواتر لەسەر سەید محەمەد حەمیدی داوای لە قازی محەمەد کردووە، کە من بکات بە سەرنووسەر و لێپرساوی چاپخانەی ڕۆژنامەی کوردستان (ناکام، 2003، لل61-63).

یەکەمین ژمارەی دەوری دووەمی ڕۆژنامەی کوردستان لە مانگی 1965/2ز (ڕێبەندانی 1344هـ)، دا لە ئەوروپا بە هەوڵ و تێکۆشانی هەرەیەکە لە (عەبدولڕەحمان قاسملوو ، کەریمی حیسامی) دەرچووە، ئەم دەورەیە نزیکەی (26) ژمارەی لێ دەرچووە، کۆتا ژمارەی لە مانگی 1970/9ز (خەرمانانی 1349هـ)، دا دەرچووە(مەلاحەسەن، 2005، ل93).

یەکەمین ژمارەی دەوری سێیەمی ڕۆژنامەی کوردستان، کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە لە چاپکردن و بڵاوکردنەوە لە مانگی ڕێبەندانی 1349هـ/ 1971/1ز دا دەرچووە، کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە و ژمارەکانی نزیك بووەتەوە لە (900) ژمارە(کاژەیی، 2013، ل14)، لەپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە نوسراوە (کوردستان) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان، یەکەمین مانشێتی ئەم ژمارەیە بابەتێکە بەناوی (یادی دووی ڕێبەندان)، کەلە لای سەرەوەی ڕۆژنامەکە نوسراوە (بێنوسەر، یدی دووی ڕێبەندان، 1971، ل1).

سادق شەرەفکەندی ڕۆڵی گەورە و بەرچاوی هەبوو لە پێشخستن و چالاککردنەوەی دەزگای چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی (ڕۆژنامە و ڕادیۆی) کوردستان، کە دوو ئۆرگانی سەرەکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون، سادق شەرەفکەندی دوای بەجێهێشتنی زانکۆی تاران و گەڕانەوەی بۆ کوردستان لەسەر داوای ڕێبەرایەتی حیزب لە ساڵی 1980ز (1359هـ)، دا بەرپرسیارییەتی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی و ئەرکی سەرنووسەری ڕۆژنامەی "کوردستان"ی گرتۆتە ئەستۆ(وریا، 2008، ل16)، یەکەمین بەرهەمی نووسی خۆی لە ساڵی 1980ز (1359هـ) دا بەناوی کورتە مێژووی جوڵانەوەکانی کورد لەسەدەی نۆزدەوە تاکۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی (تاریخچە جنبشهای ملی کرد از قرن نوزدهم تا پایان جنگ جهانی دوم) نووسی، کە هەر لەسەرەتای خولەکان و کلاسە سیاسییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا وەکو وانەی مێژوو، گوتراوەتەوە (قەدیکورد، 2012، ل5) ، ئەم بەر هەمە لە نوسینەکانی سادق شەرەفکەندی لە ژمارەکانی(71 تا 91)، کە لە ماوەی ساڵەکانی /1980 تا 1982ز (1359 تا 1361هـ) دا لە ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش ڕادەی گرنگی پێدانی سادق شەرەفکەندی دەردەخەن بە ڕۆژنامەی کوردستان و بڵاوکراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە بوو بوون بە زمانحاڵی حیزب، لەو ڕۆژگارە داکە هۆیەکانی ڕاگەیاند و چاپەمەنی وا پێشکەوتوو نەبوون، بەڵام ڕۆژنامەی کوردستان بوو، بە دەنگی و ڕەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(وریا، کوردستان وەك ئاوێنەی مێژوویيەك، 2021، ل4).

ڕۆژنامەی کوردستان لەماوەی ساڵانی 1980-1990ز (1359-1369) دا کە قۆناغێ شاخ و قوناغێکی سەخت بوو، ئەو کەرەستانەی کە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان بەکار دەهاتن کەرەستەی سەرەتایی و بچوك بوون، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگوازرێتەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، چونکە لەو ماوەیەدا بە نزیکەی (16) جار ڕۆژنامەی کوردستان جێ گۆڕکێی کردووە، بە هۆی شەڕ و بەر بەرەکانێی پێشمەرگە لەگەڵ حکومەتی ئێران، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا سادق شەرەفکەندی بەپێی توانا و ئیمکانیاتی حیزب هەوڵی دەدا ئامێر و کەرەستەی باشتر بهێنێت بۆ ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی حیزب، هەرچەندە لە ڕووی ئابوورییەوە توانای زۆر نەبوو بەڵام ڕۆژنامەی کوردستان بەردەوام بوو لە چاپ و بڵاوکردنەوە، بە هەوڵی سادق شەرەفکەندی و هاوڕێ هاوکار و هاوپیشەکانی وەکو (عەبدوڵڵا حەسەن زادە، فەتاح کاویان، حەمەدەمینی مەجیدیان، قادر وریا ....هتد)چی لە ڕۆژنامەی کوردستان و چی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان(شێربەگی، 2024).

سادق شەرەفکەندی لە بواری نوسین و ڕۆژنامە نووسییش دا توانا و زانیارییەکی زۆرباشی هەبوو، بۆئەوەی نووسەر یان ڕۆژنامە نووس بتوانێ لە ڕێگای نووسینەکانییەوە، ئاگایی خوێنەران لە بوارە جۆرا و جۆرەکان دا زیادبکات، پێویستە لە ئاستێکی بەرزی ئاگایی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دابێ، جا ئەگەر ئەو نوسەرە بەرپرس و بەڕێوبەری ڕۆژنامەی ئۆرگانی حیزبێکی سیاسیی و ڕێبەری جوڵانەوەیەکی بەهێزی شۆڕشگێڕانەش بێ، ئاشکرایە جگە لە زانین و ئاگایی گشتی دەبێ سیاسییەکی کارامەش بێ، پێویستە بەتەواوی شارەزای سیاسەت بێ و بتوانێت بابەتە گرنگەکانی ئاڵۆزەکان شی بکاتەوە، ڕووداوەکان لە ڕوانگەی سیاسیەوە هەڵسەنگێنێ و گرنگتر لەوانەش ئەو توانایەی هەبێ نوسینەکانی بکاتە ڕێنوێن و ڕێ نیشاندەری کۆمەڵانی خەڵك، سادق شەرەفکەندی ئەو تایبەت مەندیانەی هەبوون، بەبڕوای (قادر وریا) کە هاوڕێ و هاوپیشەی بووە لە ڕۆژنامەی کوردستان، سادق شەرەفکەندی بەحەق نوسەرێکی سەرکەوتوو بەرپرس و بەڕێوبەرێکی لێوەشاوەی ڕۆژنامەی کوردستان بوو، هەربۆیە لەژێر سەرپەرشتیاری و بەڕێوبەری ئەودا ڕۆژنامەی کوردستان هەنگاوی بەرەوەپێشەوە ناو زیاتر پێشکەوتوو تر و پیشەییانە تربوو (ئێران، ب.س، لل6-7).

هەر لەو بارەیەوە (شکۆفە قوبادی)کە چالاکێکی بواری مافەکانی مرۆڤە دەڵێت: سادق شەرەفکەندی لە بواری بەڕێوەبردندا شارەزاییەکی زۆرباشی هەبوو، دەیزانی چۆن کادر و نووسەر پێبگەیەنێت و سەرمایەگوزاری مرۆی بۆ ڕۆژنامەی کوردستان و دەزگای ڕاگەیاندن و چاپەمەنی حیزبی دیموکرات بکات، سادق شەرەفکەندی تەنها بەڕێوبەرێك نەبوو، بەڵکو بەڕێوەبەرێکی ڕێبەر بوو، ئێستا ڕێبەری باش بەپێی زانستی ڕێبەرایەتی ئەوەیە کە بەشێوازی دیموکراتی کاربکات، بتوانێت خەڵك لە دەوری کۆ بکاتەوە، توانای ئەوەی هەبێت کە ئەندامەکانی هان بدات کە بە باشترین شێوە کارەکان یان بەڕێوەبەرن، ڕێبەری سەرکەوتوو لە سێ بەش پێکهاتووە، ئەوانیش (1.داڕشتنی ڕێباز، 2.کۆکردنەوەی

مرۆڤەکان لەدەوری یەك ئامانج، 3. هاندان و هیوابەخشی بە خەڵك)، سادق شەرەفکەندی ئەو تایبەت مەندییانەی ڕێبەرێکی سەرکەوتووی تێدا هەبوو (قوبادی، 2013، ل11).

سادق شەرەفکەندی لەو ماوەیەی کە بەرپرسی ڕۆژنامەی کوردستان بوو، بایەخێکی زۆری دەدا بەپێگەیاندن و ڕاهێنانی کادر، هەموو ئەو کەسانەی کە لە (ڕۆژنامە و ڕادیۆی کوردستان)، لەگەڵی دا کاریان کردووە، شاهێدی ئەوەی بۆ دەدەن کە چی مامۆستایەکی نیاز پاك و دڵ فراوان بووە، چەن بەتەنگ ئەوە وە بووە ئەو کەسەی کاری لەگەڵ دەکات بە ئازادی و بە ئارەزووی خۆی بنوسێ، هاندەری بووە، دەستی ئاواڵە هێشتبووەوە بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوونەکانی، هەرچەندە خۆی شارەزاییەکی زۆرباشی لە نووسین و ڕۆژنامەنووسیدا هەبوو، بەڵام نووسینی کەسی بەلاوە سوك و کەم نەبوو، کەسی لە نوسیین دڵ سارد نەدەکردەوە بە سەخاوەت و دڵ فراوانیەوە چاوی بەنووسینەکانی دا دەگێڕا، هەڵەکانی دەست نیشان دەکرد و بۆی ڕاست دەکردەوە، دواتر بۆی شیدەکردەوە و هانی زیاتری دەدا بنووسێ و لە نوسین و ڕاست گووت باکی بەکەس نەبێ، هەمیشەی دەیگوت ئەوکەسی هەڵەنەکات کە کار ناکات، کەسێك کار بکات هەڵەش دەکات، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە ڕەوتی کاردا هەڵەکان ڕاست بکاتەوە، هەربۆیە ڕۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی بەڕێوەبەری سادق شەرەفکەندیدا پیشەی یانەتر و پێشکەوتنی زیاتری بەخۆیەوە بینی بوو (نەقشی ر.، ب.س، ل71).

سادق شەرەفکەندی لەوماوەیەی کە بەرپرسی بەشی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، چی وەك بەڕێوەبەری ڕۆژنامە چی وەك نوسەرێك، لە هەر ژمارەیەکدا چەند بابەتێکی بۆ ڕۆژنامەی کوردستان دەنووسی، زۆربەی نووسینەکانیشی (وتار) بوون، چونکە وتار فۆرمێکی گونجاو بوو بۆ ڕاگەیاندنی ئەوکاتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، چونکە وتار لە باری ناوەڕۆکەوە لەسەر یەك بابەت دەڕوات و دوور و درێژنیە، لەو ماوەیەی کە بەرپرسی بەشی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی حیزب بوو، ژمارەیەکی زۆر وتاری بۆ ڕۆژنامە و ڕادیۆی دەنگی کورستان نووسیوە کە بە نزیکەی (500) وتار دەبێت، سادق شەرەفکەندی توانای نووسینی هەبوو بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی، بەتایبەتی زمانی فارسی، سەرەتاێ نووسینەکانی بەزمانی فارسی بوو، چونکە خوێندنی بە زمانی فارسی تەواو کردبوو، توانایەکی زۆرباشی هەبوو لە نووسین بەزمانی فارسی (وریا، 2024).

هەرنووسەرێك خاوەنی شێوازێکە لە نوسین کە پێیدەناسرێت، سادق شەرەفکەندی وەکو نووسەرێك خاوەن شێوازێکی تایبەت بوو لە نووسین، کە چەند تایبەت مەندییەکی هەبوو لەوانە.

1. سادەیی لە نووسین، هەربابەتێکی بنوسیایە لە هەر بارودۆخێك بووایە بۆ کە سانی (نوخبە)، و تایبەتی نەدەنوسیی، بەڵکو بۆ زۆربەی خەڵك و گوێگر و خوێنەری ڕاگەیاندنی حیزبی دەنووسی.
2. یەکگرتوویی (وحدت موضوعی)، لە نووسینەکانی دا هەبوو، لە ناوەڕۆکی بابەتەکە دوور نەدەکەوتەوە، ئەگەر وتارێك بکەی بە سێ بەشەوە (سەرتا و ناوەڕۆك و دەرئەنجام)، هەریەکەی نرخی خۆی پێ دەدا، خوێنەر و گوێگری زوو دەبردە ناو ناوەڕۆکی بابەتەکە و هەوڵیشی دەدا پەیامی خۆی لە بەشی کۆتای دا بە یارمەتیی ئەو بەڵگانەی کە لە ناوەڕۆکدا نووسیویەتی بگەیەنێتە گوێگر یان خوێنەر.
3. لە زۆربەی نووسینەکانیدا لە پێشدا پرسیاری دەوروژاند و وتەکانی خۆی لە وەڵامی ئەو پرسیارانەی خۆی دەکرد، زۆرجار نووسینەکانی شێوازی گاڵتە ئامێز (طنز امیز)، بوو.
4. نووسینەکانی سادق شەرەفکەندی هەموویان دەچنە خانەی ئەدەبی بەرنگاری، چونکە زۆربەی هەرەزۆری لە دژایەتی لەگەڵ تاکڕەوی و دواکەوتوویی و بندەستی و لە خزمەت بەرەوەپێشبردنی خەباتی شۆڕشگێری و برەو پێدانی دیموکراسی و دادپەروەری دا بوون.
5. خێرابوو لە لێکدانەوە و هەڵوێست گرتن و نووسین، کاتێك نووسین دەبێتە کاری ڕۆژانە و دەبێتە ڕێنوێنی کۆمەڵانی خەڵك، نووسەر دەبێ بەردەوام ئاگای لە ڕووداوەکان و هەڵوێستەکانی بێ، توانای لێکدانەوەی هەبێت، دەبێ لە کاتی خۆیدا وەدەست بێ و بنووسێ، سادق شەرەفکەندی لەو جۆرە نووسەرانە بوو.
6. بوون لە ناو واقعیاتی ژیانی ڕۆژانە دا، هەستکردن بە ئێش و ئازار و گیروگرفتی خەڵك، جوڵاندن و وەخەبەر هێنانی هەستی گوێگر و خوێنەر، دیاری کردنی نیاز و پرسیاری گونجا و وەڵام دانەوەیان و وروژاندنی پرسیار لە گوێگر و خوێنەر دا، ئەرکدار کردن و بەرپرسیارکردنی، لە نووسینەکانی سادق شەرەفکەندی دا هەبوو.

ئەم تایبەتمەندیی و شێوازە لە نووسینەکانی سادق شەرەفەندی وایکردبوو کە چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، خوێنەر و گوێگرێکی زۆری هەبێت، هەر بۆیە دەتوانین بڵێن بەشی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو ماوەی کە سادق شەرەفکەندی بەڕێوەبەر و بەرپرسی بوو، پێشکەوتن وبەرەوپێشچوونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە (نەقشی ر.، شەرەفکەندی ڕێبەر و ڕووناکبیرێکی نەتەوەیی و شۆرشگێر، 2024، لل29-30).

لەو ماوەیەی کە بەرپرسی بەشی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو چەندین وتار و بابەتی بۆ ڕۆژنامەی کوردستان نووسیوە لەوانە، لە ژمارە(141)ی ڕۆژنامەی کوردستان لە بابەتێك لە ژێر ناونیشانی (موژدەی سەڵتەنەتخوازەکان بەگەلانی ئێران)، کە لەسەرەتای نوسینەکەیدا ئاماژەیی بەوەکردوە کە سەڵتەنەت خوازەکانی ئێران لەم دوایی یانەدا دەنگیان زۆر لێ دی و جموجۆڵێکی زۆر لە خۆیان نیشان دەدەن، زۆر بەڕوونی ئەو بابەت شیدەکاتەوە کە لەو سەردەمەدا پادشا ویستەکانی لە هەوڵ و تەقەلای ئەوەدان کە جارێکی تر دەسەڵات بگرنەوە دەست، ئەمەش نیشانەی بە ئاگای و خەمخۆری سادق شەرەفکەندییە لە گەیاندنی هەواڵ و ڕاستییەکان بە خوێنەر و گوێگرەکانی حیزبی دیموکرات (شەرەفکەندی س.، 1988، لل1-8).

هەروەها لە بابەتێکی تری دا بەناونیشانی (دووی ڕێبەندان)، دەنووسێت: دووی ڕێبەندانی هەموو ساڵێك ڕۆژی بیرەوەری ڕێزلێنانی "کۆماری کوردستان"ە، کۆمارێکی خود موختار کە ڕۆژی دوو ڕێبەندانی ساڵی 1324 لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد لە ڕێورەسمێکی ڕەسمی دا داکەزرانەکەی ڕاگەیەندرا، بەڵام بەداخەوە زیاتر لە (11) مانگ لە سەر پێی خۆی ڕانەوەستا و ڕۆژی 26ی سەرماوەزی ساڵی دواتر بە هاتنەوەی سوپای حەمە ڕەزا شا بۆ مەهاباد کۆتای بە تەمەنی هێنرا، لەم نوسینەدا ناچێتە ناو چۆنیەتی دامەزراندن و کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی کۆماری کوردستان، بەڵکو زیاتر باسی گرنگی و بایەخی کۆماری کوردستان و کارە گرنگەکانی شیدەکاتەوە بۆ خوێنەران، تاوەکو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەو ڕووداو و دەستکەوتە مێژوویەیی گەلەکەیان لە بیرنەچێت و هەمیشە بە زیندووی لە بیر و هۆشیاندا بمێنێتەوە (شەرەفکەندی س.، دووی ڕێبەندان، 1989، ل1-10).

لە بابەتێکی تر دا بەناونیشانی (ڕابردوو و دوارۆژی ئەفغانستان)، دەنووسێت: ڕۆژی 26ی ڕێبەندانی ئەم ساڵ دوا دەستەی سەربازانی شورەوی خاکی ئەفغانستانیان بە جێهێشت و بە جۆرە بەتەنیا هێشتنەوەی حکوومەتی "نجیب الله" لە بەرامبەر "مجاهدین" دا ڕواڵەتێکی تەواو ئەفغانستانیاندا بە شەڕی ئەو وڵاتە، لەم وتارەدا زۆر بەڕوونی ڕەخنە لەو جۆرە لە سۆسیالیزمە دەگرێت، کە دەوڵەتی سۆڤیەت و لایەنگرانی لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاو ئاسیا، پەیڕەوی دەکەن، کە دەڵێت: ئەمە چ سۆسیالیزمێکە کە لەترسی ئیمپریالیزم دەبێ بە زۆری و لە ڕێگای دامەزراندنی دیکتاتۆری یەکی ئاشکرای سەربازی یەوە بەرگری لێ بکرێ، نەك بە پشتیوانیی و ڕەوابوون و حەقانییەتێك کە لە ناخی خۆیدا هەیەتی، ئەمەش ڕادەیی بە ئاگایی سادق شەرەفکەندی دەگەیەنێت لە بارودۆخی ئەو سەردەمەی جیان و ڕوودا و پێشهاتەکاندا، ڕوونکردنەوەی ئەو ڕوودا و پێشهاتانە و گەیاندنی بە گوێگر و خوێنەری کوردستان، بۆئەوەی بە ئاگابن لە ڕووداوەکان جیهان و دەوروبەریان (شەرەفکەندی س، ڕابردوو و دوارۆژی ئەفغانستان، 1989، ل1-15).

## تەوەری سێیەم: ڕۆڵی سادق شەرەفکەندی لە بەرەوپێشبردنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان

پێش هەڵگیرسانی شەڕی سێ مانگەی ساڵی 1979ز (1358هـ) تا ئەوکاتەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد بوو، ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی بە تیراژێکی زۆر بڵاو دەکرایەوە و بۆ هەموو شارەکانی کوردستان و بۆ تارانیش دەنێردار، بەڵام دوای شەڕی سێ مانگە جگە لەوەی کە توانایی چاپی ژمارەیەکی زۆر و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ناو شاری مەهاباد دا نەما، چاپکردن و بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەکە بەشێوەی مانگانەش قورس بوو، جاری وا هەبوو بە چەند مانگێك ژمارەیەکی بە تایپ و پۆلی کۆپی لێ بڵاو دەکرایەوە، ئەویش بە تیراژێکی زۆر کەم، بەو پێ یە لە کاتێکدا ئەرك و بەرپرسیاریەتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆر لە جاران زیاتر بوو، جگە لەوانەش لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵکی کوردستان نەخوێندەوار بوون، ڕۆژنامە نەیدەتوانی ئەلقەیەکی باشی پەیوەندی نێوان حیزب و کۆمەڵانی خەڵك دا بێ، هەربۆیە لە پاییزی ساڵی 1979ز (1358هـ) دابیرۆکەی دامەزراندنی ڕادیۆییەك کە ببێتە زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە نێو کادر و ڕێبەرایەتی حیزبەکەدا سەریهەڵدا (حەسەنزادە، 2002، ل196).

لەبارەی چۆنیەتی دامەزراندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان، (کەریمی حیسامی)، لە بەرگی شەشەمی بیرەوەرییەکاندا دەڵێت: دوای گەڕانەوەم بۆ ناو شار کەوتمە بیری دروستکردنی ڕادیۆیەك کە بتوانێت دەنگی حیزبی دیموکرات بەخەڵك بگەیەنێت، لەگەڵ هاوڕێ یاندا کەوتینە پرس و ڕاوێژ و چارە دۆزینەوە، ووتیان کابرایەك لە گوندی وەتەمیش لە شاری مەهاباد هەیە ڕادیۆیەکی دروستکردووە دەنگی دە کیلۆمەتر دەڕوات، ناردم بە دوایدا هێنایان، کابرا گووتی ئەگەر (ئارێلێکی)بلند هەبێ، دەتوانم ڕادیۆیەك دروست بکەم دەنگی دەکیلۆمەتر بڕوات، پێنج سەد تمەن دایە دەستی و پێم گوت بڕۆ هەرچی پێویستە بۆ دروستکردنی ڕادیۆیەکە بیکڕە، کابراش چوو بوو ئارێلێکی کڕیبوو بە دارێکی بەرزدا هەڵیواسی و وایەرێکی لێ هێنابووە خوارەوە و ڕادیۆیەکی سەرەتایی پێ دروست کرد کە دەنگی زۆر بڵاو نەدەبوویەوە سودێکی زۆری نەبوو (حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم 1979، 1992، ل229).

هەر لەم بارەیەوە دوو بۆ چوونی دیکە هەیە لەسەر دامەزراندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان ئەویش ئەوەیە کە دوای ڕووخانی حکومەتی شای ئێران ، سەربازگەی مەهاباد کەوتە دەست حیزبی دیموکراتی کوردستان. بەشێک لە چەک و کەرەسەی شەڕی ئەو سەربازگەیە لە لایەن (سەید ڕەسووڵ بابی گەورە)، وە هێنرانە دێیەکانی (سەیدئاوا) و(لگبن) لە ناوچەی نەغدە، لە نێو ئەو دەستکەوتانەدا دەزگایەکی گەیاندن "فرستەندە" یەکی گەورەی تێدا دەبێت کە نازانن ئەوە بێسیمە یان شتێکی ترە، سەید ڕەسووڵ بابی گەورە لەڕێگەی دۆستێکی یەوە بەناوی (ئاغا بچکۆلە) کوری (عەلی ئاغای پەسوێ) دەبێ، هەوڵدەدات بزانێت ئەو دەزگایە چیە؟ ئاغا بچکۆلەی پەسوێ ئەندازیار (ڕەزاخەیاتی)، بە ڕەچەڵەک ئازەری، بە سەید ڕەسووڵ بابی گەورە دەناسێنێ و دەڵێ ئەندازیار خەیاتی سەربازە و دۆستی منە. سەید ڕەسووڵ بابی گەورە بە هاوکاری ئاغا بچکۆلە بە دوای ئەندازیار خەیاتییدا دەنێرێ، هەربۆیە لە ڕێگەی ئەندازیار خەیاتی یەوە دەزانێت ئەو دەزگایانەی کە لەسەربازگەکەدا بردویانە دەتوانرێت وەکو ڕادیۆ بەکار بهێنرێت، سەید ڕەسووڵ بابی گەورە لە ڕێگەی خەڵکی گوندەکانەوە و ڕادیۆ و کەرەسەکانی شەڕ لە گوندی لگبنەوە بۆ دۆڵی بابەکراوێ دەبا. لە کێلێی سەرشاخان و لە دۆڵی بابەکراوێ لە نێو ئەشکەوتێک دا حەشاریان دەدات و چەند کەسێک لە خەڵکی گوندەکە بۆ پاراستنیان دادەنێ، چونکە پێی وابوو، سەرشاخان و دۆڵی بابەکراوێ جێگایەکی ئەمین و پارێزرا بووە، دواتر لە دۆڵی بابەکراوێ، بڕیاری گواستنەوەی ڕادیۆ درا و بە شان و کۆڵی خەڵکی دۆڵی لگبن و سەرشاخان تەواوی کەرەستەکانی ڕادیۆیان بە داروبار گواستەوە بۆ کەڵەکووکەی سەرێ هەرِ لە ناوچەی سەرشاخان، بەرنامەکانی تاقیکردنەوەی ڕادیۆ لەوێ دەستی کرد بە بڵاو کردنەوە(هاشمی، 16).

بیرۆکەی دامەزراندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان ئەوکاتە لە بیری عەبدولڕەحمان قاسملوو چەکەرەدەکات کە شەڕی سێ مانگەی شاری سنە دەست پێدەکات، هەربۆیە عەبدولڕەحمان قاسملوو هەست بە بۆشایی دەکات لە شەڕی سێ مانگەی سنە بۆ گەیاندنی دەنگی کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران.

بۆئەم مەبەستە عەبدولڕەحمان قاسملوو (سەید ڕەسوڵ بابی گەورە) ڕادەسپێرێت و ئەویش پەیوەندی بە ئەندازیار (ڕەزا خەیاتی)یەوە دەکات و بە عەبدولڕەحمان قاسملووی دەناسێنێ، موهەندیس ڕەزا خەیاتی بەڵێن بە عەبدولڕەحمان قاسملوو کە هەرچی لەدەستی بێت بیکات.

سەید ڕەسوڵ بابی گەورە وەك بەرپرسی جێبەجێ کردنی ئەم کارە دیاریدەکرێت و ناوبراو لەگەڵ ژمارەیەکی دیکەی ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان، و بەهاوکاری دانیشتوانی گوندەکان ناوچەی سەرشاخانی نەغەدە لە گوندی (لگبن)ەوە ئامێرەکان بە شان دەگوازنەوە بۆ دۆڵی بابەکراوە لە ئەشکەوتێکدا دایدەنێن، ئەندازیار ڕەزا خەیاتی بەدەستکاری کردن و ئاڵوگۆر کردن و بەهێزکردنی دەزگاکان بۆئەوەی شەپۆلەکانی بگاتە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران ڕادیۆی دەنگی کوردستان دادەمەزرێنێ، لە ڕۆژی 1979/11/6ز (15 خەزەڵوەری 1358 هـ) یەکەمین وەشانی سەرەتایی تاقیکاری ڕادیۆی دەنگی کوردستان بە گۆرانی محمدی ماملێ دەستی پێکرد (شێربەگی، 2024)، لە 1980/6/17ز (27ی جۆزەردانی 1359هـ) دا دەست دەکات بە بەخشی بەرنامەکانی خۆی(نەقشی ر.، ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە، 2022، ل9).

لەسەرەتای دامەزراندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان دا، عەبدوڵڵای حەسەن زادە بەرپرسی گشتی ڕادیۆی دەنگی کوردستان و دەزگای چاپەمەنی حیزبی دیموکرات بوو، تاوەکو ساڵی 1983ز (1362هـ) ئەوکاتەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان پەڕینەوە بۆ باشووری کوردستان و لە گوندی گەڵاڵەی ناوچەی شینکایەتی باشووری کوردستان جێگیربوون، لەوکاتەوە سادق شەرەفکەندی بووە بە بەرپرسی یەکەمی ڕادیۆی دەنگی کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکرات کوردستان و چاپەمەنییەکانی حیزب، پێشتر دکتۆر سادق شەرەفکەندی بەرپرسی بەشی ڕێکخستن و تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، بەرپرسیارێتی دەزگای ڕاگەیاندن و چاپەمەنی لەسەر شان بوو تاوەکو ساڵی 1989ز (1368هـ)، سادق شەرەفکەندی بوو بە سکرتێری، و دواتر حەسەنی شەرەفی کە ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو دەبێت بە بەرپرسی ڕادیۆی دەنگی کوردستان (شێربەگی، 2024).

سادق شەرەفکەندی هەر لەسەرەتاوە وەکو ڕوناکبیرو ڕۆژنامەنووس ورێبەری حیزب، ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەری هەبووە، لە بەرەو پێشبردن و سەرکەوتنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان، هەروەکو هاوڕێ و هاوکارەکانی بە یار و یاوەری ڕادیۆ ناوی دەبەن، و هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تاوەکو دواساتەکانی ژیانی وەکو باوکی ڕادیۆ وابوو، (تەها عەتیقی)کە هاوڕێ و هاوکاری سادق شەرەفکەندی بوو لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان، لە بارەی ڕۆڵی سادق شەرەفکەندی لە بەرەوپێشبردنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان دا دەڵێت: سادق شەرەفکەندی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی وەك منداڵێك پەروەردە کرد، کە وەکو بەرپرس و نووسەر و ڕێنوێن و بەڕێوبەری ڕادیۆ، خەمخۆری دڵسۆز و ماندوونەناس و کە ڕۆژە سەختەکانی تەمەنی ڕادیۆ، گیروگرفت و کەم کورتییەکانی ڕادیۆ هەموو قورساییان لەسەر شانی ئەو بوو، شەو و ڕۆژ بۆ ئەو جیاوازی نەبوو، ئەو تەواوی هەوڵی ئەوە بوو کە ڕادیۆ بەرەو پێش بچێ و سەرکەوتووبێت، قورسایی بابەتە سیاسییەکانی ڕادیۆ لە ئەستۆی ئەو بوو (عەزیزی، 2020، ل5).

سادق شەرەفکەندی لە بەڕێوەبردنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان زۆر بەوردبینی و دیقەتێکی زۆرەوە کاری دەکرد، هەموو هەوڵی ئەوە بوو کەهەڵەیەك لەپەخشی بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان ڕوونەدات کە لەسەر حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد ببێتە ماڵ، لە ڕاست بێژی و بەرەو پێشبردنی ڕادیۆی دەنگی کوردستاندا ڕۆڵێکی گەورە و کارایی هەبوو بەڕێوەبەرێکی شیاو بوو دەیزانی چی دەکات چی دەوێت، لەگەڵ ئەوەی کە دەنگی کوردستان بە وتارەکانی دەوڵەمەند دەکرد هەموو ئەو نوسراوانەی کە بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە دەکران چاوی پێ دا دەخشان چی لە بواری زمانەوانی و چی لەبواری ڕامیارییەوە هەڵەکانی ڕاست دەکردەوە، دواتر بڕیاری دەدا بخوێندرێتەوە و بڵاوبکرێتەوە (شێربەگی، 2024).

عەبدولڕەحمان قاسملوو لە تافگەی حەقیقەت بەرگی دووەم، لەبارەی گرنگی و بایەخی ڕاگەیاندنی حیزبی یەوە، ئاماژە بەوە دەکات، کە لەدوای کاری ڕێکخستن(تەشکیلاتی)یەوە، ڕاگەیاندن گرنگترین و کاریگەرترین بەشی کاری حیزبی یە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: بەخۆشحاڵی یەوە ڕاگەیاندنی حیزبی ئێمە، زۆر پێشکەوتووە، هەرچەند بارودۆخی دژواری تێکۆشانی سیاسیی و خەباتی چەکدارانە دەرفەتی ئەوەی پێ نەداین ڕۆژنامەی "کوردستان" بکەینە ڕۆژان یان هەفتانە، تەنانەت هەندێك جار بارودۆخێکی وا هاتوتە پێش کە بەمانگێ جارێکیش بەڕێك و پێکی دەرنەچێت، بەڵام جێگای شانازییە کە "ڕادیۆی دەنگی کورستانی ئێران" ئەو بۆ شایەی پڕکردۆتەوە کە بەهۆی کەم بوونەوەی چاپی ڕۆژنامەی کوردستان دروست ببوو.

ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە ڕاستی دا وەکو ڕۆژنامەیەکی بێژەر "قسەکەرە" بووە کە هەموو ڕۆژێ ژمارەیەکی زۆر چاپی لێ دەردەچێ و دەگاتە هەموو شارێك، هەموو دێیەك و سەر بەهەموو ماڵێك دا دەکات، لەوەش گرنگتر خوێندەوار و نەخوێندەوار سودی لێ وەردەگرن و کرێکار لە کارگە و جوتیار لە کێڵگە و شوان لە چیا و لەوەرگە گوێی بۆ دەگرن و لێی تێدەگەن، "ڕادیۆی دەنگی کوردستان" ڕۆژێ سێ کاتژمێر و چارەکێك بە سێ زمانی نەتەوەی گەورەی ئێران، (فارسی و کوردی و ئازەری)، بەرنامەی بڵاودەکردەوە بە ڕاستی ڕادیۆی دەنگی کوردستان ئێران بۆ حیزبی دیموکرات و هەموو خەڵکی کوردستان جێگای شانازی یە، کە لە ماوەیەکی کەم دا بەرەوپێشچوونی زۆری بەخۆوە بینیوە،

بەرنامەکانی سەرەنج و ڕەزامەندی خەڵکی کوردستان و بەشێمی زۆری خەڵکی ئێران یان بۆلای خۆی ڕاکێشاوە(بەهرامی، 1384، لل273-274).

سادق شەرەفکەندی ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لەو بەرەوپێشچوونەی بەشی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر لەوبارەیەوە، قادر وریا ئاماژە بەوە دەکات کە خۆی و زۆربەی هاوڕێ و هاوکارەکانی لەو بەشە هەڵسەنگاندن و ڕەخنە و تێبینی یەکانی سادق شەرەفکەندی یان وەك نووسەر و بەرپرسی بەشی چاپەمەنی و ڕاگەیاندن، بەلاوەگرنگ بووە، کە لە پێناو بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنی ئەو بەشە بوو، سادق شەرەفکەندی زۆرجار پێش بڵاو بوونەوەی هەر بابەتێك یان خوێندنەوەی لە "ڕادیۆی دەنگی کوردستان" لەگەڵ نووسەری بابەتەکە گفتوگۆی دەکرد و هەڵە وکەموکورتیەکانی بۆ ڕاست دەکردەوە و دواتر بڵاودەکرایەوە، ئەگەریش بە کەڵکی بڵاوکردنەوە نەهاتایە زۆر بەجوانی و بەڕێزەوە نووسەری بابەتەکەی تێدەگەیان و هۆکارەکانی بڵاونەکردنەوەی بۆ شی دەکردەوە، ئەمەش وای دەکرد کە هەرگیز نووسەر و هاوکارەکانی لێی دڵگران نەبن، چونکە دەیانزانی لە پێناو ڕادیۆی دەنگی کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردە (وریا، 2024).

ڕادیۆی دەنگی کوردستان بەهۆی ئەوەی کە دەنگی خەباتی ڕەوا و قوربانیدانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، لەلایەکی دیکە بە هۆی نەبوونی ڕاگەیاندنێکی ئەو تۆ کە هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان بەخەڵك بگەیەنێ، بە زووی لە ناو کۆمەڵگا و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان جێگەی خۆی کردەوە، سەرەڕای سادەیی ئامێرەکان و کەمی توانای لایەنی هونەری، بەتایبەتی سادەیی دەزگای ڕاگەیاندنەکە (ڕادیۆ)کە، بەڵام بە زووی ڕێگای خۆی بۆ ناو سەدان هەزار ماڵ لە خەڵکی کوردستان و ئێران کردەوە، گوێ گرتن لە بەرنامەکانی، بوو بە بەشێك لە بەرنامەی ڕۆژانەی خەڵك، هەواڵ و ڕاپۆرتی ڕووداوەکانی ڕۆژانە و ململانێ کانی ئەو سەردەمە بەشێکی هەمیشەیی بوون لە ناوەڕۆکی بەرنامەکانی ڕۆژانەی ئەو ڕادیۆیە، ئەوەش کە بەرنامەکانی ڕادیۆ جگە لە زمانی کوردی بە زمانی فارسی و بۆماوەیەکیش بەزمانی ئازەریش بڵاو دەبوونەوە، گوێری ئەو ڕادیۆیە کاریگەری میدیایی و سیاسییەکانی زیاتر بوو. شیکردنەوەی سیاسی و ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و پرس و بابەتەکانی پەیوەندی دار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەرکی ڕۆژانەی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بوو، ئەم جۆرە باس و لێکدانەوانەش بەزۆری کە سانێك دەیان نووسی کە لە ڕێبەران و سیما دیار و سیاسییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون، یەکێك لەو کە سایەتیانە، سادق شەرەفکەندی بوو کە توانایەکی زۆری لە شیکردنەوە و باسکردنی پێشهاتە گرنگەکانی بە زمانێکی سادە، هەروەها دۆزینەوەی بابەتی شیاوی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵك هەبوو، ڕاستیەکەی ئەوەیە نەك هەر جەماوەری زۆری گوێگری ڕادیۆ، بەڵکو ئەندامان و پێشمەرگەکان و کادرەکان و تەنانەت بەرپرسانی حیزبیش، لە ڕێگای لێکدانەوە و وتارە سیاسییەکانی ئەم ڕادیۆیە، کە زۆرترین یان لەلایەن سادق شەرەفکەندییەوە بوو، لە ڕووی سیاسی و ڕێنوێنی دەکران و پەروەردە دەبوون.کاریگەری بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە ڕووی نەتەوەیی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە ، لە کاریگەریی هەواڵ و بابەت سیاسیەکان کەمتر نەبوون، بایەخدانی ئەم ڕادیۆیە بە مێژووی نەتەوەی کورد و بۆنە نەتەوەییەکان، دڵسۆزی و هەستیار بوونەکەی لە ئاست زمانی کوردی و هاندانی خەڵك بۆ بەرگری لە زمان و شوناسی خۆیان، گرنگی دانی بە ئەدەبیات و گۆرانی و مۆسیقای کوردی، لە تەنیشت ئەمانەش لە قاودان و دژایەتی کردنی چەوساندنەوە و نەریت و ڕێوشوێنی دواکەوتووانە و دزێوی ناو کۆمەڵ و بەتایبەتی دژی ژنان، پەروەدەکردنی منداڵ و لاوان و ئاوڕدانەوە لە پێداویستییەکانیان، لایەنێکی دیکەی گرنگی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بوو(نەقشی ڕ.، ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە، 2022، لل22-23).

ڕایۆی دەنگی کوردستان جگە لەوەی کە سادق شەرەفکەندی بەڕێوبەری بوو، چەندین کادر و ئەندام پێشکەشکاری بەتوانا و دڵسۆزی هەبوو، کە هەر لەسەرتای دامەزراندن یەوە ڕۆڵی بەرچاو یان هەبوو لە بەرەوپێشبردنی، وەکو (ئەحمەد شێربەگی)، کە پێشکەشکاری هەواڵەکان و بەرنامە سیاسییەکان و بەرنامەی (کاروانی شەهیدان)، کە بەرنامەیەك بوو تایبەت بە ژیاننامەی پێشمەرگە و شەهیدەکانی ڕێگای کوردستان هەرجارەو ژیاننامەی شەهیدێك دەخوێنرایەوە، خۆی شاهێدی ئەوە دەدات کە هەرچیەك هەبووە لە پێشکەوتن و زانیاری یان لەلایەن سادق شەرەفکەندییەوە بووە وەکو هاوڕێ بەرێوبەرێك فێری کردوون، ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە سەرەتایی دامەزراندنییەوە تاوەکو ساڵی 1994ز (1373هـ) جگە لە هەواڵەکان چەند بەرنامەیەکی تری هەبوو، وەکو بەرنامەی (وەڵامی نامەی گوێگرەکان)، کە ڕۆژانی هەینی پێشکەش دەکرا، هەروەها بەرنامەی (کاروانی شەهیدان)، هەروەها بەرنامەی (بەختیار بۆ کۆمەڵ)، بەرنامەیەك بوو تایبەت بە ژنان کە (خەدیجە مەعزووری)، ئامادە و پێشکەشی دەکرد، هەروەها بەرنامەی (کۆلکە زێرینە)، کە بەرنامەیەکی ئەدەبی بوو، هەروەها بەرنامەی (لاوان) (شێربەگی، 2024).

## ئەنجام

1.سەرەتای کاری سیاسی و پەیوەندی سادق شەرەفکەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1973ز (1352هـ)، کە ئەوکات لە پاریس بووە بەمەبەستی خوێندنی دکتۆراکەی، لەوێ چاوی بە عەبدولڕەحمان قاسملوو کەوتووە و بووە بە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

2. سادق شەرەفکەندی کەسێتییەکی بەهێز و ناسراو بوو لەسەر ئاستی ئێران بەتایبەتی لە ناوچینی ڕۆشنبیران و مامۆستایانی زانکۆ و ئەکادیمییەکان، پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و بەهێزی هەبوو لەگەڵ یاندا، ئەو پێشی وابوو کە دەبێت پەیوەندییە حیزبی و سیاسییەکانیش لە گەڵ پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵە ئێرانییەکان دروست بکرێت و بەهێزتر بکرێت.

3. ڕۆژنامەگەری پانتاییەکی فراوانی لە ژیانی سادق شەرەفکەندی داگیرکردووە و لەو بوارەدا زانیارییەکی زۆرباشی هەبووە، توانیویەتی چەندین پێشکەوتن و بەرەوپێشچوون لە ڕۆژنامەگەریدا بکات بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا.

4.ڕۆژنامەی کوردستان لەبەر بارودۆخ و نەگونجانی هەلومەرج لە چەند قۆناغێکی جیاواز، بەچەند خولێکی جیاواز دەرچووە، هەرچەندە ڕای جیاواز هەیە کە لەسەر دەرچوونی خولەکان، بەڵام ئەوەی کە ڕوونەوە حیزبی دیموکراتی خۆی بەخاوەنی دەزانێت بە سێ دەور دەرچووە ئەوانیش بەم شێوەیەیە، یەکەمین ژمارەی دەوری یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان لە بە 1946/1/11/ز (20ی بەفرانباری1324هـ)دا لەیەکەمین مانشێتی دا بەناونیشانی (امانجی ایمه)، بڵاوکراوەتەوە، یەکەمین ژمارەی دەوری دووەمی ڕۆژنامەی کوردستان لە مانگی 1965/2ز (ڕێبەندانی 1344هـ) دا لە ئەوروپا بە هەوڵ و تێکۆشانی هەریەکە لە (عەبدولڕەحمان قاسملوو ، کەریمی حیسامی) دەرچووە، ئەم دەورەیە نزیکەی (26) ژمارەی لێ دەرچووە، یەکەمین ژمارەی دەوری سێیەمی ڕۆژنامەی کوردستان، کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە لە چاپکردن و بڵاوکردنەوە لە مانگی 1971/1ز (ڕێبەندانی 1349هـ)دا دەرچووە، کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە و ژمارەکانی نزیك بووەتەوە لە (900) ژمارە

5.دامەزراندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لەو کاتەدا وەکو پێویستییەکی بووە بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چونکە کەوتبوونە شەڕەوە لەگەڵ حکومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتوویی ئێران، دەنگی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد نەدەگەیشت بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

6. سادق شەرەفکەندی لەو ماوەیەی بەرپرسی ئەو بەشە بووە توانیویەتی ڕادیۆکە زۆر پێشبخات و لە هەمووی گرنگتر زۆر بایەخی بەڕاستگۆیی لە گواستنەوەی هەواڵ و بەرنامەکانی دەدا، هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە ڕادیۆی دەنگی کوردستان هەواڵێکی ناڕاست یان کارێکی هەڵە نەکات کە ببێت بە هۆی شەرمەزاری بۆ بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## لیستی سەرچاوەکان


1. بەهرامی، کاوە، (کۆکردنەوەی)، 1384، تافگەی حەقیقەت بەشێك لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو، چ.یەکەم، بەرگی دووەم، سلێمانی، ب.چ.
2. بێ نوسەر، 2007، موحاکەمەکردنەکەی پێشەوا قازی محەمەد لە یاداشتەکانی "قوام السلطنه"دا، چ.چوارەم، و.موکری، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
3. حەسەن زادە، عبداللە، 2002، نیوسەدە تێکۆشان، ب.ش، ب،چ.
4. حوسێن، هیمدادی، 2002، ڕۆژنامەنووسی کوردی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان 1942-1947، چ.یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
5. حیزبی دێموکراتی کوردستان، 2011، د.سادق شەرەفکەندی ڕێبەرێك بۆ هەموو سەردەمەکان، ب.ش، ب.چ.
6. حیسامی، کەریم، 1986، کۆماری دیموکراتی کوردستان یان خوود موختاری، چ.دووەم، ب.ش، ب.چ.
7. حیسامی، کەریم، 1996، پێداچوونەوە، چ.یەکەم، بەرگی یەکەم، ستۆکهۆلم، چاپخانەی ماردین.
8. حیسامی، کەریم، 1992، لە بیرەوەرییەکانم1979، چ.یەکەم، بەرگی شەشەم، ستۆکهۆلم، ب.چ.
9. دباغی، عەبدولقادر،1367، ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ژێ کاف، چ. دووەم، ب.ش، ب.چ.
10. درووده‌گەر، سەید ڕەزا، ب.س، کورتە ژیانی سیاسیی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (1324 - 1384) (1945 - 2995)، ب.ش، ب.چ.
11. روزفلت، ئارچی، 1998، کۆماری مهاباد، چ.دووەم، و.ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمان، ب.چ.
12. ساڵح، سدیق، 2007، بیرەوەرییەکانی شاپەسەند، چ.یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.
13. سەعید، هیوا عەزیز، 2006، کۆمەڵەی خۆبیبوون-پارتی هیوا-کۆمەڵەی ژێکاف، چ.یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی یاد.
14. سەمەدی، سەید موحەمەد، 1981، ژێ.کاف چبوو؟چی دەویست؟وەچی لێ بەسەرهات، چ.یەکەم، مەهاباد، ب.چ.
15. سوڵتانی، ئەنوەر، 2021، بۆکان لە مێژوودا(کۆمەڵەی 481 وتار)، چ. دووەم، بەرگی دووەم، ئەڵمانیا، بنکەی ڕۆشنگەری.
16. عەزیزی، کاووس، (ئامادەکردن)، 2020، بەشێك لە ناوی دامەزرێنەر. بێژەر. پشتیوانان و بەڕێوبەرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، ب.ش، ب.چ.
17. قازی، گلاوێژ، 1355، 30مین سالی بزوتنەوەی پیرۆزی 2ی ریبەندانی گەلی کورد، چ.یەکەم، ب.ش، ب.چ.
18. قاسملوو، عەبدولڕەحمان، 2000، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، چ.سێیەم، ب.ش، ب.چ.
19. گەوهەری، حامید، 2004، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، چ.یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
20. گەوهەری، حامید، 2017، قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆك کۆماری کوردستان، چ.یەکەم، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
21. مامۆستا هەژار، 2007، چێشتی مجێور، چاپی دووەم، میهرەگان.
22. مەجید، سەرمۆردی، نەوزاد، خدر، 2004، کۆماری کوردستان-مهاباد لە ڕووی یاسای گشتیی نێودەوڵەتیەوە، چ.یەکەم، سلێمانی، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری
23. مەلاعززەت، مەحمود، 2001، جەمهوریەتی کوردستان، چ.یەکەم، سلێمانی، چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم.
24. ناکام، سەعید، 2003، بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، چ.یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
25. نەقشی، ڕەحمان، ب، (کۆکردنەوە و ئامادەکردن)، 2022، ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە، ب،ش، ب.چ.
26. نەقشی، ڕەحمان، ج، (کۆکردنەوە و ئامادەکردن)، 2024، شەرەفکەندی ڕێبەر و ڕووناکبیرێکی نەتەوەیی و شۆڕشگێر، ب.ش، ب.چ.
27. نەقشی، ڕەحمان، (کۆکردنەوە و ئامادەکردن)، 2023، کاروانێك لە ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکرات، ب.ش، ب،چ.
28. نەقشی، ڕەحمان، ج، (کۆکردنەوە و ئامادەکردن)، ب.س، کۆمەڵێك وتار و دیمانە سەبارەت بە تیرۆرکردنی د.سادق شەرەفکەندی، ب.ش، ب.چ.
29. وەلی، عەبباس، 1995، پەیدابوون و بناخەی ناسیونالیزمی کورد لە ئێران، چ.یەکەم، و.حەسەنی قازی، سوید، بنکەی چاپەمەنی ڕۆژ.
30. ئەحمەد، زامدار، أ، 2023، هەژار موکریانی لە چەند دیدارێکدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، چوارچرا.

31. ئەحمەد، زامدار، ب، 2023، هەژار موركریانی ژیان و ڕەنگدانەوەی مێژوو لە بەرهەمەکانیدا، چاپی یەکەم، هەولێر، مەم و زین.
32. کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ب.س، هەڵبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی، ب.ش، ب.چ.
33. باباخانی، ناسر، 2021، (کوردستان ڕۆژنامەیەك بۆ هەموو وەرزەکان)، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ.800 .
34. بێ نوسەر، 1946، (امانجی ایمە)، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ.1 .
35. بێ نوسەر، 1971، (یادی دووی ڕێبەندان)، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ.1 .
36. بێ نوسەر، 2007، (بیۆگرافی یەكی كورتی شەهیدانی كارەساتی میکۆنووس)، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ.470.
37. بێ نوسەر، 1992، (ژیاننامەی د.سعیدی شەرەفکەندی)، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ.196.
38. حەسەن زادە، عەبدوڵلا، 2008، (ئەدیبەکانی باشووری کوردستان دەیاننوسی دەبێ زمانی "کوردستان" بکرێتە نموونەی نووسینی کوردی)، ڕۆژنامەی کوردستان تایبەتنامە، ژ.500.
39. ڕەهنموون، 2002، (دوکتور سەعید مرۆڤێکی تێکۆشەر سیاسەتمەدارێکی دڵسۆ)، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ.349.
40. شەرەفکەندی، سادق، 1988، (موژدەی سەڵتەنەتخوازەکان بەگەلانی ئێران)، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ.141.
41. شەرەفکەندی، سادق، 1989، (دووی ڕێبەندان)، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ.146.
42. شەرەفکەندی، سادق، 1989، (ڕابردوو و دوارۆژی ئەفغانستان)، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ.147.
43. قادری، محمد نەزیف، 2004، (کاك دوکتور سەعید نمونەی کادرێکی باش و کارامەی حیزب و سیمای دێموکرات و یارێکی بەوەفای ڕێگا و ڕێبازی دوکتور قاسملوو بوو)، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ.397.
44. قادری، محمد نەزیف، 2006، (دەقی قسەکانی کاك محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێورەسمی14ساڵەی یادی کارەساتی میکۆنووس دا)، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ.445.
45. قەدیکورد، ئەبووبەکر، 2012، (کاریگەریی تایبەتمەندییەکانی د.سەعید لە بەهێز کردنی هێژموونیی حیزبی دێموکراتدا)، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ.590.
46. قوبادی، شکۆفە، 2013، (دوکتور شەرەفکەندی، بەڕێوەبەری و ڕێبەری)، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ.613.
47. کاژیی، ڕەحمان، 2013، (هاودەمی ساتەوەختی لە دایکبوونی ئەم دەورەیەی کوردستان)، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ.600، ل14.
48. وریا، قادر، 2008، (ئازیزانی لە دەستچووی کاروانی ئەم "کوردستان"ە)، ڕۆژنامەی کوردستان تایبەتنامە، ژ.500.
49. وریا، قادر، 2021، (کوردستان وەك ئاوێنەی مێژوویەك)، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ.800 .
50. کاکەیی، فەتاح مرشد، 1993، (ڕۆڵەی هەمیشە زیندوو شەهید دکتۆر صادق شەرەفکەندی نەمر)، گۆڤاری ڕەنگین، ژ.59 .
51. مەحمود، هۆشمەند عەلی، 2015، (محەمەد سادق شەرەفکەندی ژیان و تێکۆشانی سیاسیی1938-1992)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ.35 .
52. مەلا حەسەن، شادمان، 2005، (ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران)، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژ.4.
53. چاوپێکەوتنی زارەکی توێژەر لەگەڵ (گوڵاڵە شەرەفکەندی)، لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی وەتس ئەپ، 2024/8/25
54. چاوپێکەوتنی زارەکی توێژەر لەگەڵ (ئەحمەد شێربەگی)، لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی وەتس ئەپ 2024/9/16.
55. چاوپێکەوتنی زارەکی توێژەر لەگەڵ (قادر وریا)، لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی مەسنجەر 2024/12/12.
56. هاشمی، سەید عەلی، 2024/12/6، ساڵ ڕۆژی دامەزراندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران پیرۆزبێ، پێشمەرگەکان، 2022/6/16، https://peshmergekan.com/?p=53040 .

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARAN.2025.01-01-06

# The role of Sadeq Sharafkandi in the development of the press and media (HDKI)

**Faruq Hassan Hussen[1], Amanj Hassan Ahmed[2]**

1- Department of History, College of Humanities, Sulaimani University, Kurdistan Region-Iraq
2-Department of History, College of Humanities Education, Sulaimani University, Kurdistan Region-Iraq

| Article Info | |
|---|---|
| Received | **June, 2025** |
| Accepted | **June, 2025** |
| Published: | **July, 2025** |

## Keywords

Sadeq Sharafkandi, Newspaper, Radio

## Corresponding Author

Amanj.Ahmed@univsul.edu.iq
Faruq.hassan86@gmail.com

## Abstract:

Sadeq Sharafkandi is one of the Kurdish political figures, who in addition to his many years of struggle as a Peshmerga, diplomat and politician, at the same time as a capable person has a role and influence on the field He was a journalist of the Kurdistan Democratic Party (KDP) and in this context he was able to promote the party's media center to some extent. This study highlights the less mentioned aspects of Sadeq Sharafkandi's efforts for He was in charge of the press and media department of the Kurdistan Democratic Party (KDP) for six years. The period of our research is between 1983-1989 AD (1362-1368 AH). Our aim is to present the journalistic life of Sadeq Sharafkandi. We have divided the research into three topics The first topic discusses Sadeq Sharafkandi's life from childhood to marriage, the second topic discusses the Kurdistan newspaper and the different courses that the newspaper published at different stages, the third topic discusses the Voice of Kurdistan Radio and How the radio was created and its importance for the Kurdistan Democratic Party and the Kurdish national movement in East Kurdistan. For writing this research we depend on historical research method and in some cases we have tried to analys some subjects.